# فەرهەنگی ڕۆژنامە

خەسرەو پیربالْ
Pirbal@hotmail.com

لە دونیای ڕۆژئاواو لە ئەوروپادا, خەڵکی بە گشتی, بەدەم خواردنەوەی یەکەمین قاوەی بەیانیان, هەر لە بەیانیان زووەوە, خەریکی هەڵدانەوەو خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانیان دەبن. هەر لە بەرەبەیانیانەوە,بە ڕێگای کرێکارێکی تایبەتی پۆستەکانەوە, ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئەو شارو شارۆچکانەیان, بۆیان دەخەنە ناو سندوقی پۆست و یانیش ڕاستەوخۆ, بۆیان دەخرێتە ماڵەوە لە بۆشایی ناوەڕاستی دەرگای ماڵەکانەوە...

دیارە بە شێوەیەکی گشتی, ڕۆژنامەکان بۆ ئەو کەسانە دەنێردرێن, کە ئابوونەیان هەیە, وە لە سەرانسەری ئەوروپا, نرخی ڕۆژنامە یەك دۆلارە– بۆ ئەو کەسانەی ئابوونەی ڕۆژنامەکان دەکەن, ئەوە هەرزانتر دەکرێن.

هەر شارێکی گەورەو بچوکی ئەم مەملەکەتانەی ئەوروپا, ڕۆژنامەیەکی تایبەتیان هەیە, هەندێ جاریش لە یەك ڕۆژنامە زیاتریش, وە بە ڕێژەی جیا جیا بڵاوپەخش دەکرێنەوە( جگە لەوەی لە ئەنتەرنێتیشن ).

خوێنەران بە گشتی, هەتا ئەوانەی خاوەنی دەرامەت و بژێوی ڕۆژانەی چاکیش نین,یان خانەوادەن و پەککەوتوون, بە نرخی گونجاو, ئابوونەی ئەم ڕۆژنامانە دەکەن, ئەمە سیاسەتێکی باشی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەیە, بۆ ئەوەی کەمێك قازانج و بەلام بەردەوام قازانج بکەن, وە مەسەلەیەکی تری گرینگیش ئەنجام دەدەن, ئەویش ئەوەیە: بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ, بەشداری دەکەن, لە ڕۆشنبیرکردن و فێرکردنی هاوڵاتیان, لە خۆکۆکردنەوەی خوێنەرێکی زۆریش, خەڵکی هەر لە بەیانیانەوە, ئاشنا دەبن, لەسەر هەواڵ و ڕووداوەکانی دوونیا.

دیارە جگە لەوەش , لە کتێبخانە گشتی یەکاندا, سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی وڵاتی دێتێ و خەڵکانێکی زۆر دەتوانن, بە هۆی سەردانی کتێبخانە گشتی یەکانەوە, بڵاوکراوەکانی سەرانسەری وڵات بخوێننەوە , سوودیان لێوەربگرێت. بەڵام خەڵکی , لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەکان بوێتە فەرهەنگێکی چەسپاو و ڕۆژانەیان, لەبەر ئەوەیە کە ئابوونەی ڕۆژنامەکان دەکەن, لە بەرئەوەی تام و چێژێکی تایبەت دەکەن, کاتێك خەریکی قاوڵتی بەیانیانیانن, لەگەڵ یەکەمین قاوەدا, لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان بخوێننەوە.

ڕۆژنامەکان, بە شێوەیەکی گشتی ٢٧– ٣٠ لاپەڕەن, بەمەش هەموو بابەتەکان هەقی خۆیان دراوەتێ , جگە لە لاپەڕەکانی هەواڵی سیاسی ناوخۆ و نێودەوڵەتی, لاپەڕەی بەردەوامی ئەدەب و هونەرو ڕووداوە ڕۆشنبیریەکان و ئافرەت و منداڵان و چەندین بابەتی سەرنج ڕاکێشەری تری تێداهەن.
دەربارەی چۆنیەتی ئابوونەکردنیان, بە شێوەیەکی گشتی دەزگاکان, سێ نرخی جیاجیایان هەیە: بۆ ئەوانەی ( کار دەکەن – قووتابییەکان – بێکارەکان ) , بەم نرخە جیاوازانە, توانراوە هەتا ئاستێکی بەرز, زۆرینەی خوێنەران لە دەورەی خۆیان کۆ بکەنەوە, بەمەش جگە لەکارە فەرهەنگیەکەی خۆیان, قازانج و دەستکەوتێکی باشیش بۆ خۆیان دابین دەکەن, وە ئەمەش هەقێکی ڕەوای خۆیانە, لە ناو هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبێت ئاواهی بێت..

ئەمڕۆکە لە کوردستاندا, شۆڕشێکی گەورەی بڵاوکردنەوەو بووژانەوەی ڕۆشنبیری لە ئارادایە, جگە لەو چینە ڕۆشنبیرو نووسەرانەمان , خەڵکانێکی زۆر حەز لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەکەن, دەکرێ بڵێین , ڕۆژنامەکان , زیاتر لە کتێبەکان دەخوێنرێنەوە .

ئەمڕۆکە ئەرکی دەسەڵات و وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکومەتی هەرێمی کوردستانە, بە ئامادەکردن و کێشانی هێڵ ونەخشەی سیاسەتێکی فەرهەنگی نوێ , بۆ یارمەتیدانی هاوڵاتیان و خوێنەرانی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان.
ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە, لەو خاڵانە دەبینرێن:

١- دابەزاندنی نرخی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان .
٢-یارمەتیدانی ناوەندو بنکە ڕۆشنبیریەکانی کوردستان, بە بەخشین و ئابوونەی بەردەوامیان, بێئەوەی پارەیان لێوەربگیرێت ( ئەو شوێنانە گەنج و قووتابیەکان بەردەوام سەردانیان دەکەن) .
.

٣-دەکرێت وەکوو زانکۆکانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا, ئێمەش لە کوردستان, ڕۆژانە , ڕۆژنامەکان بە خۆڕایی , ببەخشرێنە قووتابیەکانی کۆلێژوە ناوەندە زانکۆییەکان.

هەموو زانکۆکانی دونیا , ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکەن, هەتا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت, بەڵام , پاشان وورده وورده , خوێنەر ئیتر نەرێتێکی ڕۆژانەی لا دروست دەبێت, ئەگەر ئیتر لە بنکەو زانکۆکاندا , ڕۆژنامەکان نەبینێت, ئینجا هەوڵی چارەسەری تر دەدات, ئەویش یان کڕینیەتی, یانیش هەوڵدەدات, لە کتێبخانە گشتیەکاندا بیانخوێنێتەوە,...بەمەش فەرهەنگی ڕۆژنامەمان پەرە.پێداوە, وە وورده وورده دەچەسپێت.

٤- بەخشینی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ئەو بنکەو چایخانە گشتیەیانەی شارە گەورەکان, بۆ نموونە شارێکی وەکوو هەولێر , دیوەخانێکی وەکوو چایخانەی ( مەچکۆ) و چایخانەی ناودارو قەرەباڵغی تری تێدایە, کە ڕۆژانە بە سەدان هاوڵاتی( نووسەو ڕۆشنبیران- مامۆستایان....هتد ) تیایاندا کاتێکی زۆری تیادا بەسەردەبەن, شوێنی ئاڵوگۆڕو گفتوگۆو , هەندێك جار دەبنە مینبەرێکی ڕۆشنبیری و دیالۆگی نێوان نووسەرو ڕۆشنبیران. .. ئەم شوێنانە بەڕاستی شایستەی ئەوەن کە ببنە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری میللی و هەمیشەو وە بەردەوامی , نەك هەر تەنها ڕۆژنامەکان , بەڵکوو سەرجەم بڵاوکراوەکانیان تێدا ببینرێن..
لەبەر هۆی فەرهەنگی و ئابووری , بۆ عەیامێکی زۆر دەبێت دەسەڵات و حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری , هاوکاری و یارمەتی خوێنەران بدەن, بەداخەوە ئەمڕۆکە دەوڵەمەندو خاوەن سەرمایەکانی کوردی, غەڵەتی ئاوا ناکەن بەشێك لەو ئەرکە گرینگە بخەنە سەر شانی خۆیان!! بەداخەوە نموونەی بنەماڵە بەدرخانیەکان و حوزنی موکریانی -مان نیە.
بەڵام ,ئەمڕۆکە خۆشبەختانە لە کوردستاندا , کورد خاوەنی دەسەڵاتێکی نیشتیمانیە, هەروەکوو لە بوواری ئاوەدانکردنەوەدا, هەوڵی گەورە دراون, لە بوواری ڕۆشنبیریش, وە ئەمەش مافێکی ڕەوایی هاوڵاتیانە, داواکاری و خەونەکانیان بە هەند وەربگیرێت,, وە بەمەش کۆمەڵگای کوردستانی , هاوشانی میللەتانی پێشکەوتووی دونیا , فەرهەنگی ڕۆژنامەی تێدا سەرهەڵبدات و ئیتر با لەمەو پاش بڵاوکراوەکان تەنها بۆ "" نوخبەیەك" نەبن, بەڵکوو بۆ هەموو گەل بن .



© Kurdistan Net